RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 09th February 2026 Accepted: 14th May 2026 Published online:20th September 2026

Patriarchy Rhetoric Critic in Sherko Bekas's Verse Novel (Lantern Cemetery)

Mohammed Aziz Nasralla
Mohammed.nasralla@univsul.edu.iq
Kurdish department, College of Languages, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

Abstract

This study deals with the patriarchy rhetoric critic in Sherko Bekas's verse novel "Lantern Cemetery", is an academic effort to read the Kurdish poetry text outside the framework of a mainstream sheer aesthetic. In terms of theory, it relied on the principles of cultural criticism which is a modern method and aims to unveil the hidden patterns which is deep-seated in language and culture that serve to maintain authority. In this context, patriarchy is not seen as an individual attitude, but interpreted as a dominant social, gender and language rhetoric which could be summarized into two points:

First, identifying and disclosing those hidden cultural paradigms in the society which have become pretexts to marginalize and persecuting the females which have mirrored in Sherko Bekas's texts.

Second, revealing how the poetic text rebels against the hegemony of patriarchy and proving that how the poet uses the language to deconstruct the artificial sacredness formed by the patriarchal system.

Finally, the study reaches the conclusion that the text of (Lantern Cemetery) is not just a lamenting elegy for women victims, but a direct confrontation to the dominant authority's rhetoric, and a deep critic to the mentality that produced this oppression.

Key words: Cultural Criticism- Hidden Pattern- Patriarchy Rhetoric- Gender- Sherko Bekas – Lantern Cemetery.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:
e-ISSN:
RJH Website

ناونیشان: ڕەخنەی گوتاری پیاوسالاریی لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)ی (شێرکۆبێکەس)دا

محمد عزیز نصرالله
بەشی کوردی،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ،سلێمانی ،کوردستان،عراق

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە، کە ناونیشانەکەی ڕەخنەی گوتاری پیاوسالاریی لە ڕۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکانی (شێرکۆ بێکەس) دایە، هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعری کوردی لە دەرەوەی چوارچێوەی باوی ئیستاتیکا و جوانیناسیی ڕوت، لەڕوی تیۆرییەوە، توێژینەوەکە پشتی بە بنەماکانی ڕەخنەی کولتوری بەستوە؛ کە میتۆدێکی هاوچەرخە و مەبەستییەتی پەردە لەسەر ئەو نەسەقە شاردراوانە هەڵبداتەوە کە لەناو زمان و کولتوردا جێگیر بون و خزمەت بە مانەوەی دەستەڵات دەکەن، لەم سۆنگەیەوە، پیاوسالاریی تەنیا وەک ڕەفتارێکی تاکەکەسی سەیر نەکراوە، بەڵکو وەک گوتارێکی زاڵی کۆمەڵایەتی، زمانی و جێندەری لێکدراوەتەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم چوارچێوە تیۆرییە، توێژینەوەکە ڕێبازی (وەسفی - شیکاریی) پەیڕەو کردوە، تا بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوە بۆ ئاستەکانی دەستەڵاتی نێرینە لەناو ڕێزمانی دەقە شیعرییەکەدا بکات، بەگشتی، ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی گوتاری باڵادەستی نێرینە لە دەقەکەدا، کە دەکرێت لەم دو خاڵەدا کورت بکرێتەوە، یەکەمیان، دەستنیشانکردن و ئاشکراکردنی ئەو نەسەقە کولتوورییە بێئاگایانەی کە لە کۆمەڵگەدا بونەتە پاساو بۆ پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی مێینە، کە لەناو دەقەکەی (شێرکۆ بێکەس)دا ڕەنگیان داوەتەوە، دووەمیش، دەرخستنی چۆنیەتیی یاخیبونی دەقە شیعرییەکە لە دژی هەژمونی پیاوسالاریی و سەلماندنی ئەوەی کە چۆن شاعیر زمان بەکاردەهێنێت بۆ تێکشکاندنی ئەو پیرۆزییە دروستکراوانەی، کە سیستەمی پیاوسالاریی خولقاندونی، لەکۆتاییدا، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەقی (گۆڕستانی چراکان) تەنیا شیوەنێک نییە بۆ قوربانییانی ژن، بەڵکو ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەوخۆی گوتاری دەستەڵاتی زاڵ و ڕەخنەکردنێکی قوڵی ئەو ئەقڵیەتەیە کە ستەمکاریی بەرهەمهێناوە.

کلیلە وشە: ڕەخنەی کولتوری، نەسەقی شاراوە، گوتاری پیاوسالاری، جێندەر، شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان.

پێشەکی:

ئەدەب تەنیا کایەیەک نییە بۆ گوزارشتکردن لە هەست و نەست و نمایشی جوانییەکانی زمان، بەڵکو گۆڕەپانێکی کراوەیە بۆ ململانێی هێز، ئایدۆلۆژیا و گوتارە جیاوازەکان. لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی قوتابخانەی ڕەخنەی کولتوری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ئاڕاستەی خوێندنەوەی دەقەکان لە گەڕانی پەتی بەدوای ئیستاتیکادا، گۆڕا بۆ هەڵوەشاندنەوە و ئاشکراکردنی ئەو نەسەقە شاردراوانەی کە لە پشت دەمامکی زمان و ڕەوانبێژییەوە خۆیان مەڵاسداوە، یەکێک لە دیارترین و کۆنترین ئەو نەسەقە کولتوورییانەی کە هەژمونی بەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکان و زمانیشدا کێشاوە، گوتاری پیاوسالارییە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەم ململانێیە لە ناو شیعری نوێی کوردیدا، بە تایبەتی لە دەقەکانی شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس)، شاعیر لە ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)دا، نەک تەنیا وێنەی قوربانیبونی ژن دەکێشێت، بەڵکو پەلاماری ئەو بنەما و نەسەقە فیکری و باوەڕییانە دەدات کە ستەمکاریی نێرینەیان بەرهەمهێناوە، لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوەکەمان دەچێتە ناو قوڵایی ئەم دەقە شیعرییەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ڕەخنەی کولتوری چۆن دەتوانێت پەردە لەسەر ئەو گوتارە هەڵبداتەوە.

ناونیشانی توێژینەوە: داڕشتنی ئەم ناونیشانە بە شێوەیەکی ورد و مەبەستدار هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنەیەک کە تەواوی ناسنامەی توێژینەوەکە نیشان بدات، ناونیشانەکە لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتوە: یەکەمیان دیاریکردنی کێشە سەرەکییەکەیە کە (گوتاری پیاوسالاری)یە، دووەمیان دەستنیشانکردنی ئەو میتۆد و ئامرازە مۆدێرنەیە کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کێشەکە بەکاردێت کە (ڕەخنەی کولتوری)یە، سێیەمیشیان دیاریکردنی کەرەستەی شیکارییەکەیە کە (گۆڕستانی چراکان)ە، ئەم چوارچێوەیە بە ڕوونی ئاراستەی لێکۆڵینەوەکە دیاری دەکات، کە ئامانجیەتی لەبری گەڕان بەدوای ئیستاتیکادا، پەردە لەسەر ململانێی نێوان هەژمونی نێرینە و یاخیبونی ئەدەبی هەڵبداتەوە.

کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە: کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە دەوری چۆنێتی ئامادەیی و کارکردنی دەستەڵاتی نێرینە لەناو دەقی ئەدەبیدا دەسورێتەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە و چەند پرسیارێکی لاوەکی بداتەوە:

پرسیاری سەرەکی: شێرکۆ بێکەس لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)دا، چۆن مامەڵەی لەگەڵ گوتار و هەژمونی پیاوسالاریدا کردوە؟

پرسیارە لاوەکییەکان: نەسەقە شاراوەکانی پیاوسالاریی لەسەر ئاستی (زمانی، جێندەری، کولتوری) چۆن لەم دەقەدا ڕەنگیان داوەتەوە؟ ئایا دەقی شیعری کوردی توانای ئەوەی هەیە ببێتە گۆڕەپانێک بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی پیرۆزییەکانی سیستەمی پیاوسالاریی؟

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەکات دەستنیشانکردن و ئاشکراکردنی ئەو نەسەقە کولتوورییە شاراوانەی، کە پاساو بۆ چەوساندنەوەی مێینە دەهێننەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی میکانیزمەکانی بەرەنگاربونەوەی شیعریی لەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە دژ بە گوتاری دەستەڵات، خستنەڕوی جیاوازیی نێوان ڕوانگەی ئیستاتیکیی ڕوت و ڕوانگەی کولتوری لە تێگەیشتن بۆ دەقی شیعریی.

هۆی هەڵبژاردنی بابەت: زۆربەی ئەو توێژینەوانەی پێشتر لەسەر ململانێی جێندەری یان کێشەکانی ژن لە شیعری کوردیدا کراون، لەسەر ئاستی ناوەڕۆکی ڕوکەش، یان ڕەخنەی وەسفیی کلاسیکی ماونەتەوە، کە تەنیا مەینەتییەکانی ژنی وەک قوربانی خستوەتەڕو، لێرەوە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر هەبو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە چەمکی پیاوسالاریی نەک وەک ڕەفتارێکی تاکەکەسی، بەڵکو وەک (نەسەقێکی شاردراوەی کولتوری) لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی هاوچەرخی (ڕەخنەی کولتوری)دا شیبکەینەوە، هەروەها تایبەتمەندیی دەقی (گۆڕستانی چراکان)، ئەم ڕۆمانەشیعرییەی (شێرکۆ بێکەس)، تەنیا دەقێکی گێڕانەوەیی یان جوانیگەرایی ڕوت نییە، بەڵکو ڕوداوێکی کولتوریی قورسە کە مێژوویەکی پڕ لە ستەمی جێندەری و کۆمەڵایەتیی تێدا کۆکراوەتەوە، دەقەکە زەمینەیەکی دەوڵەمەند و گونجاو پێشکەش بە توێژەر دەکات بۆ تاقیکردنەوەی تیۆرییەکانی گوتار و دەستەڵات.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی جیاواز و مۆدێرن بۆ دەقێکی ناسراوی ئەدەبی کوردی پێشکەش بکات، ئەم توێژینەوەیە دەقە ئەدەبییەکە، لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی فراوانتر و هەمەلایەندا تاقیدەکاتەوە، بەشێوەیەک کە زمان و فۆرمی شیعریی دەکاتە دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە ململانێی دەستەڵات، مێژو، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش خزمەتێک بە کتێبخانەی ڕەخنەیی کوردی دەکات لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی تیۆرییەکی جیهانیی وەک (ڕەخنەی کولتوری) بەسەر دەقێکی خۆمانێدا.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوە پشتی بە **ڕێبازی وەسفی -شیکاریی** بەستوە لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی ڕەخنەی کولتوریدا، لە لایەنی تیۆریدا شێوازی وەسفی بۆ خستنەڕو و پێناسەکردنی چەمکەکان بەکارهاتوە، لە لایەنی پراکتیکیشدا شێوازی شیکاریی بەکارهاتوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەقە شیعرییەکان و دۆزینەوەی نەسەقە شاراوەکان.

سنوری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە تەنیا لە چوارچێوەی شیکردنەوەی گوتاری پیاوسالاریی لەسەر بنەمای (ڕەخنەی کولتوری) کاردەکات، کەڕەستەی شیکارییەکان تەنیا لەناو ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)ی (شێرکۆ بێکەس)دا چڕکراونەتەوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان، ئەم توێژینەوە دابەشکراوە بەسەر پێشەکییەک و دو بەشی سەرەکیدا:

بەشی یەکەم: تەرخان کراوە بۆ لایەنی تیۆری، کە تێیدا تیشک خراوەتەسەر چەمکی گوتار، مێژو و بنەماکانی ڕەخنەی کولتوری، لەگەڵ پێناسەکردنی پیاوسالاریی وەک گوتارێکی زمانی، جێندەری و کولتوری.

بەشی دووەم: تایبەتە بەلایەنی پراکتیکی، کە تێیدا چەمکە تیۆرییەکانی بەشی یەکەم بەسەر دەقی (گۆڕستانی چراکان)دا جێبەجێکراون و نەسەقە شاراوەکانی پیاوسالاریی شیکراونەتەوە، لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

١- بنیاتە تیۆرییەکانی گوتار و ڕەخنەی جێندەری (فێمینیزم و پیاوسالاری)

١-١ چەمکی گوتار

گوتار بە واتا گشتییەکەی بریتییە لە ڕاپەڕاندنی کردەیەک لەڕێگەی دەقێکی نوسراو، یان گوتار لەپێناو گەیاندنی پەیامێک بەمەبەستێکی تایبەت لە دەوروبەرێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا.گوتار دەکرێت دەقێکی هێمایی، نوسراو، دەنگێک، نیشانەیەک، ڕستەیەک، برگەیەک یان کتێبێک بێت، بە شێوەیەک کە نێرەر بۆ گەیاندنی مەبەست و کارتێکردن لە وەرگر بەکاریدەهێنێت (حەسەن، ٢٠١٩، ٧٣). گوتار لەڕوی زاراوەوە، دیاردە، وتەزا، یان پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، بە واتایەکی دیکە پڕۆسە و ڕەوتێکە کە لە کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە، بابەتە دەربڕاوەکان گوزارە و وشە و ڕستەکانە، پەیوەندییان بەو خاڵەوە هەیە، کە بابەتە گەیەنراوەکان و گوزارەکان کەی، کێ، چۆن و لە لایەن چ کەسێکەوە، لە دژ یان بەلایەنگیری لە چ کەسێکەوە، یان بۆ چ مەبەستێک کەڵکی لێوەرگیراوە (فتاح و عزیز،٢٠٢٣، ٣٤٢). لە ڕوانگەیەکی دیکەوە (ئیمیل بنفیست) پێناسەی گوتاری کردوە و دەڵێت: گوتار نەریتێکە، کە بریتییە لە کردەیەکی زیندوی بزۆک بۆ بەرهەمهێنانی گوتراوێک لەڕێگەی قسەکەرێکی دیاریکراو لەپێگەی دیاریکراودا (یقطین، ١٩٩٧، ١٧).

گوتار لای (میشێل فۆکۆ) بریتییە لە تۆڕێک لە پەیوەندییەکان، دەستەڵات و کۆزانین، سیستەمی گوتاریش لە سیستەمی پەیوەندییەکان بەولاوە هیچی دیکە نییە، گوتار لە میانەی دەقەوە دەستەڵات بەکاردەهێنێت، دەقی گوتن و دەقی کردار، دواتریش گوتار دەستەڵاتی لە دەستەڵاتی دەقەوە وەردەگرێت، یان لە دانەرەکەی وەردەگرێت، یان لەو پێگەیەی دامەزراوەیەکەوە کە کاری تێدا دەکات، یان لە سروشتی ئەو حاڵەتەی کە تێیدایە وەردەگرێت (فتاح و عزیز،٢٠٢٣، ٣٤٢). ئەم چەمکە بە شێوەیەکی فرەپات لە بەرهەمەکانی (فۆکۆ)دا بەکاردەهێنرێت، هەڵگری واتایەکی تایبەتە لە بۆچونە کۆمەڵناسانەکاندا و لەم جۆرە دەقانەشدا بە هیچ شێوەیەک بە مانای گوتە، قسە یان وتوێژی سادە نایەت، هەر بۆیەش، دانانی زاراوەی "سخن" لە فارسیدا بۆ ئەم مەبەستە، هەڵەیەکی زەقی وەرگێڕان دەردەخات، گوتار لەم مانایەدا دەتوانێت بەش، ئاست، جێبەجێکردن یان جۆرێک کردەوەی کۆمەڵایەتی بێت، (فۆکۆ) لە کتێبی (دێرینەناسی زانیاری)دا هەندێ جار ئەم زاراوەیەی هاوتەریب و تەنانەت، تاڕادەیەکیش هاومانا لەگەڵ چەمکی ڕووداودا بەکارهێناوە، بۆ نمونە، کاتێک دەوترێت "گوتاری پزیشکی"، مەبەست ئەو چالاکییە پزیشکییەیە کە بەشەکانی بریتین لە: پزیشک، نەخۆشخانە، پەرستیار، جلی سپی ناو هۆڵەکان، بێدەنگی، خاوێنی، ...هتد، کاتێکیش دەڵێین "گوتاری ئەکادیمی" مەبەست ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەیە کە بەشە پێکهێنەرەکانی بریتین لە زانکۆ، مامۆستای زانکۆ، خوێندکار، کتێب و نامیلکە و کتێبخانە، ڕۆژنامەکان و ئەوەی پەیوەندی بە ئەکادیمییەوە هەیە (سەجادی، ٢٠٢٢، ٥٣). لێرەوە، گوتار لە فەزای توێژینەوە ئەکادیمییە مۆدێرنەکاندا، تەنیا وەک یەکەیەکی زمانەوانیی گەورەتر لە ڕستە، یان ئاڵوگۆڕکردنی سادەی قسە سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک سیستەمێکی ئاڵۆزی مەعریفی و پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە دەستەڵات و بەرهەمهێنانی ڕاستییەوە هەیە.

١-٢ چەمک و مێژوی ڕەخنەی کولتوری

چەمکی کولتور، لە چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، بە شێوەیەکی تایبەت لە بواری مرۆڤناسی و کۆمەڵناسیدا دادەنرێت، کولتور تەنها کۆمەڵێکی کەڵەکەبو (خڕبونەوە) لە دابونەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕفتارەکان، یان شێوەی گشتیی ژیانی گروپێک یان چەند گروپێک لە خەڵک، ڕەگەزەکانی کولتور وەک جۆرەکانی مەعریفە، هونەر، دابونەریت، بیروباوەڕەکان، بەها، نۆرمەکان و بیروڕا هاوبەشەکان، واتە هەمو ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانیدا بەرهەمی دەهێنێت (لەتیف،٢٠٢٢، ٤١). (ڤینسنت لیچ) بۆ پرۆژە ڕخنەییەکەی زاراوەی (ڕەخنەی کولتوری) پێشکەشدەکات و بە دیاریکراوی ئەم ناوەی لێدەنێت، ئەم چەمکە دەکاتە هاوشان و هاوتەریبی هەردو زاراوەی پاش- نوێگەری، یان پاش- بونیادگەری، کە لەگەڵیاندا گرنگیدان بە گوتار سەریهەڵدا، ئەمەش تەنها گۆڕانکاری نەبو لە بابەتی لێکۆڵینەوەدا، بەڵکو گۆڕانیش بو لە میتۆدی شیکردنەوەکەدا، کە پێدراوە تیۆری و میتۆدەکانی سۆسیۆلۆجیا و مێژو و سیاسەت و دامەزراوەییەکان بەکاردەهێنێت، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری میتۆدەکانی شیکردنەوەی ئەدەبی ڕەخنەیی ببێت (تاتانی،٢٠٢٥، ٤٢).

(ڤینست لیچ) سێ سیمای سەرەکی لە ڕەخنەی ڕۆشبیریدا/کولتوریدا دیاریدەکات:

١- ڕەخنەی کولتوری لە بایەخدانەکانی خۆیدا، لە چوارچێوەی ئەدەبدا نامێنێتەوە، بەڵکو فراوان دەبێتەوە و پەل بۆ ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی ئەدەبیش دەهاوێت.

٢- ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری و شیکردنەوەی چالاکییە دەزگاییەکان دەکات بە ئەرکی سەرەکی خۆی، جگە لەوەی پشت بە سەرجەم میتۆدەکانی دەبەستێت، لەوانە ئەو میتۆدانەی کە فۆرمالیستەکان و بونیادگەراکان بە میتۆدی تەقلیدی و بەسەرچو ناویان دەبرد، وەک میتۆدی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و مێژوی.

٣- ڕەخنەی ڕۆشنبیری پەنادەباتە بەر میتۆدەکانی پاش بونیادگەری، بە تایبەتی لە خوێندنەوەی دەقدا پشت بە بۆچون و کارەکانی بارت و دێریدا و فۆکۆ دەبەستێت (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٢٠٣).

لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی کولتوری هەوڵ بۆ پێشکەشکردنی جێگرەوەیەک بۆ ڕەوانبێژی و ڕەخنەی ئەدەبی کلاسیک دەدات؛ بە واتایەکی ڕونتر، هەر تەنیا بە لایەنە ئیستاتیکی و جوانیگەراییەکەی دەقەوە ناوەستێت، بەڵکو ڕو لە ڕیزبەست (نەسەق)ی شاراوەی نێو دەق و گوتاری ئەدەبی دەکات، لە زەمینەی ڕۆشنبیری و سیاسی و مێژوییدا لێیان دەکۆڵێتەوە، هەروەها بە دوای ئاشکراکردنی ئەو خەوشە نەسەقییانەدا دەگەڕێت کە لە ڕۆشبیری و هەڵسوکەوتی گشتیدا ئامادەییان هەیە (بەرزنجی و بەرزنجی، ٢٠٢٤، ٢١٢). بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی کارکردنی نەسەق لە زماندا، (ڕۆمان یاکۆبسن) نمونەی پەیوەندیی ڕاگەیاندنی وەرگرتوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئەرکەکانی زمان شیبکاتەوە، بە تایبەتییش ئەرکی زمان لە ڕوی ئەدەبییەوە، شەش ڕەگەزەکەی (یاکۆبسن) بریتین لە: نێرەر، وەرگر، پەیام، ئامراز، سیاق، کۆد، لەسەر هەریەکێک لەم ڕەگەزانە، زمان ئەرکێکی دیاریکراو وەردەگرێت، پرۆسەی پەیوەندی کردن بەبێ تەواوی ئەم شەش ڕەگەزە نایەتە دی، بەپێی جەختکردنەوە لەسەر هەریەک لەم ڕەگەزانە، زمان ئەرکێکی دیاریکراو وەردەگرێت،

جەختکردنەوەی ڕەگەزی پەیام لەسەر خودی خۆی ئەوەیە کە ئەدەبێتی دەق یان شاعیرێتیی دەق دەستەبەر دەکات، بەڵام لە چوارچێوەی ڕەخنەی کولتوریدا، پێویست دەکات ڕەگەزی حەوتەم زیادبکرێت کە بە ڕەگەزی نەسەقی ناوزەند دەکرێت (مستەفا، ٢٠٢٠، ٣٦).

ئەرکەکانی زمان لە شەش ئەرکەوە، دەبن بە حەوت، بەم جۆرە:

خودی/ ویژدانی (کاتێک گوتارەکە سەرنج دەخاتە سەر نێرەر).

هەواڵی/ سودبەخشی (کاتێک گوتارەکە سەرنج دەخاتە سەر بۆ نێردراو).

پاشخانی (کاتێک سەرنج لەسەر سیاقەکەیە).

فەرهەنگی (کاتێک سەرنج لەسەر کۆدەکەیە).

ئاگادارکردنەوەیی (کاتێک سەرنج لەسەر ئامرازی پەیوەندییەکەیە).

شیعرییەت/ ئیستاتیکا کاتێک پەیامەکە سەرنج دەخاتە سەر خۆی، ئەمەش زیادکردنەکەی (یاکۆبسن)ە، کە بە هۆیەوە وەڵامی پرسیاری ئەدەبێتیی و چۆن زمان دەگۆڕێت بۆ سیفەتە ئەدەبییەکەی دایەوە).

ئەرکی نەسەقی: کاتێک سەرنج دەخرێتە سەر ڕەگەزە نەسەقی و کولتوریییە شاردراوەکان (تاتانی،٢٠٢٥، ٧٩).

ئەگەر بڕوامان بە بونی ڕەگەزی حەوتەم (نەسەقی) و لەگەڵیدا بە ئەرکی نەسەقی هێنا، ئەوا ئەمە دەمانخاتە دۆخێکەوە دەتوانی لەگەڵیدا تێڕوانینمان ئاڕاستەی ئەو ڕەهەندە نەسەقییانە بکەین، کە تەحەکوم بە ئێمە و گوتارەکانمانەوە دەکەن، بەبێ وازهێنان لەو بەها ئیستاتیکی و دەلالییانەی هۆگریان بوین و ڕاهاتوین لە دەقەکاندا پێشبینییان بکەین، هەروەها بەبێ وازهێنان لەو ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی گریمانە دەکرێت تیایاندا هەبن، هەمو ئەمانە لە دەقەکاندا ئامادەن و بۆ ئەو کەسەی دەمانەوێت دەدوێت، بەڵام سەرەڕای ئەمانە لەڕێگەی ڕەگەزی نەسەقییەوە ئەرکی نەسەقی دێت، ئەمەش بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی ڕەخنەی کولتوری، کە دەمانەوێت لێرەدا بیخەینە ڕو، هەروەها بنەمایەکیشە بۆ گۆڕانە تیۆری و پیادەکارییەکە لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ ڕەخنە بە ڕەهەندە کولتوریییەکەی، ئەمەش بۆ ئەوەی وا سەیری دەق بکەین، کە ڕوداوێکی کولتوریییە، نەک تەنیا دەرکەوتەیەکی ئەدەبی (تاتانی، ٢٠٢٥، ٧٨).

لێرەوە دەکرێت بڵێین، زیادکردنی ڕەگەزی حەوتەم (ڕەگەزی نەسەقی)، گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە تێڕوانینی ڕەخنەیی بۆ دەق بەدی دەهێنێت؛ بە جۆرێک کە دەق لە قەوارەیەکی زمانیی داخراو، یان بابەتێکی تەنیا ئیستاتیکی و جوانیناسییەوە، دەگۆڕێت بۆ ڕوداوێکی کولتوریی فرەڕەهەند کە ململانێی هێز و دەستەڵاتی تێدا نیشتەجێ کراوە، ئەرکی سەرەکیی ڕەخنەی کولتوریش لێرەوە دەستپێدەکات، کە بریتییە لە دەستنیشانکردن، هەڵوەشاندنەوە و ڕەخنەکردنی ئەم نەسەقە کولتوریییە بێئاگایانەی کە لە پشت دەمامکی ڕەوانبێژی و جوانییەکانی زمانەوە خۆیان حەشاردراوە، بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتریش لە بنەماکانی ئەم گۆڕانکارییە میتۆدییە و چۆنیەتیی گەشەکردنی ئەم دیدگا ڕەخنەییە مۆدێرنە، پێویست دەکات لە تەوەرەی داهاتودا ئاوڕێک لە مێژو، قۆناغە جیاوازەکان و ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانە فیکرییە بدەینەوە.

٣-١ ڕەوتی مێژوی ڕەخنەی کولتوری

سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتوری وەک وەرچەرخانێکی مێژویی لە کایەی ئەدەب و فیکردا، بەرهەمی قۆناغ بە قۆناغی پەرەسەندنی تیۆرییە ڕەخنەییەکان بو لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕەوتە مێژوییە لە ئەنجامی یاخیبون و ڕەخنەگرتن لە چوارچێوە بەرتەسکەکانی قوتابخانە فۆرمالیست و بونیادگەراکان چەکەرەی کرد، تا ڕێگە خۆش بکات بۆ گواستنەوەی دەق لە کایەیەکی زمانیی پەتی و داخراوەوە بەرەو فەزایەکی بەرفراوانی مەعریفی کە تێیدا ئەدەب، سۆسیۆلۆجیا، مێژو و سیاسەت بە تونڈی تێکەڵ بە یەکتر دەبن و شوناسێکی نوێ بە پرۆسەی خوێندنەوە دەبەخشن.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، توێژەری ئەمریکی (ڤینسینت لیتچ) بڕەوی بەو چەشنە پرۆسە ڕەخنەییە دا و ناوینا ڕەخنەی کولتوری، پاش بونیادگەری، بەو پێیەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە خۆی بە ڕێبازێکی دیاریکراو، یان بە میتۆدێک و بە ڕێچکەیەکی دیاریکراو نابەستێتەوە، بەڵکو مومکینە ئەم پرۆسە ڕەخنەییە، لە خوێندنەوەی دەقدا، سود لە سەرجەم ڕۆشبیری و فیکر و میتۆد و مێژو و زانستەکان وەربگرێت و پراکتیزەیان بکات، واتە لە سنورە تەقلیدییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەردەچێت و دەچێتە نێو هەمو بوارە کولتوریییەکانەوە (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٢٠٠). ئەم گۆڕانکارییە فیکرییە، زەمینەی بۆ ڕەخنەی گوتار خۆشکرد، تا دەق لە فۆرمێکی ڕوتەوە بباتە ناو کایە فراوانەکانی کولتور و ململانێی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، لەم سۆنگەیەوە، پێش ئەمەش (تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ) لە ساڵی (١٩٣٩)دا لە کتێبی (ئەدەب لە مەترسیدایە)، ڕەخنە لە ڕەوتەکانی فۆرمالیستی و بونیادگەری دەگرێت، کە ئەدەب و ڕەخنە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا سنوردار دەکەن و پێیانوایە دەق بریتییە لە قەوارەیەکی زمانەوانی داخراو، لەکاتێکدا

ئەدەب سنوری نییە و بۆی هەیە سود لە هەمو میتۆد و کولتورێک وەربگرێت بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەدەب و واقیع (ئەسوەد،٢٠١٥، ٢٠١).

لەسەر ئاستی ئەدەبی عەرەبیدا، ڕەخنەی ڕۆشبیری بە مانا گشتییەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پراکتیزە کراوە، بە تایبەتی لای (تەها حسێن) (١٨٨٩- ١٩٧٣)، لە کتێبی (فی الشعر الجاهلي) بەم ئاقارە کاری کردوە، لە حەفتاکانیشدا (ئەدۆنیس) لە کتێبی (الثابت و المتحول)دا ڕەخنەی ڕۆشبنیری پراکتیزە کردوە، بەڵام یەکێک لەو ڕۆشنبیرە عەرەبانەی ڕاستەوخۆ ئەم زاراوەی، بە مانا خۆرئاواییەکەی، لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهێنابێت، ڕەخنەگری سعودی (عبدالله الغذامی)یە کە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا کتێبە ناودارەکەی بە ناونیشانی (النقد الثقافی: قراءة فی الانساق الثقافیة العربیة) بڵاوکردەوە، (عەبدوڵا غوزامی) پێیوایە ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەسەر تیۆری بونیادی شاراوە دادەمەزرێت، کە بونیادێکی کولتوری و ژیارییە و لەژێر پەردەی زمان و جوانیناسیی تێکستەکاندا خۆی دەشارێتەوە (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٢٠٣). بۆیە ڕەخنەی کولتوری لقێکە لە لقەکانی ڕەخنەی دەقناسی گشتی، پاشان یەکێکە لە زانستەکانی زمان و کێڵگەی (زمانەوانی)، گرنگیدەدات بە ڕەخنەی ئەو نەسەقە شاراوانەی لەناو گوتاری کولتوریدا هەن، بە هەمو دەرکەوتە و جۆر و شێوەکانییەوە، هەروەها گرنگی دەدات بەوەی فەرمی و دامەزراوەیی نییە و ئەوەی لەم جۆرەیە، لە ڕوی ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە حسابی بەکارهێنەری کولتوری کۆبیدا، لەبەر ئەمە گرنگی نادات بە دۆزینەوەی ئیستاتیکی، وەک ڕەخنەی ئەدەبی دەیکات، بەڵکو کاری ئەم دۆزینەوەی شاردراوەکانە لەژێر دەمامکی ڕەوانبێژی/ ئیستاتیکی، وەک چۆن تیۆرمان هەیە سەبارەت بە جوانیناسی، لێرەشدا دەبێت تیۆر دابنرێت لەبارەی(ناشیرینیناسی)ەوە، نەک بە واتای گەڕان بەدوای جوانییەکانی ناشیرینیدا، کە ئەوە دوبارە داڕشتنەوە و چەسپاندنی پێڕاهاتوەکانی ڕەوانبێژییە لە داڕشتنەوە ئیستاتیکی و بەهێزکردنیدا، بەڵکو مەبەست لە تیۆری ناشیرینیناسی دۆزینەوەی جوانەی نەسەقەکان و ئەو کردەیەتی، کە دژی هۆشیاری هەستی ڕەخنەییە (تاتانی، ٢٠٢٥، ٩٨).

پوختەی ئەم ڕەوتە مێژوییە نیشانمان دەدات کە چۆن ڕەخنەی کولتوری لە گەشتە فیکرییەکەیدا لە ڕۆژئاواوە بۆ ناوەندە ئەدەبییە عەرەبی و ناوچەییەکان، توانی چەمکی "نەسەقی شاراوە" بکاتە مەرجەعێکی سەرەکی بۆ ڕوانین بە چاوێکی ڕەخنەیی نوێ لە دەق، لێرەوە، کاتێک ئەم ئامرازە مێژویی و فیکرییە دەخرێتەگەڕ بۆ شیکردنەوەی جومگەکانی دەق و کۆمەڵگا، دیارترین و قوڵترین نەسەقی کولتوری کە دەبێتە جێی سەرنج و پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ڕادیکاڵ هەیە، "نەسەقی پیاوسالاری" و هەژمونی نێرینەیە؛ ئەمەش ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات کە لە تەوەرەی داهاتودا، بە قوڵی بچینە ناو باسی ڕەخنەی فێمینیزم و گوتاری پیاوسالارییەوە.

١-٤ ڕەخنەی فێمینیزم و گوتاری پیاوسالاری

بزوتنەوەی فێمینیزم، یەکێک لەو ڕەوت و فیکرانەی لە کات و ساتی خۆیدا هاتەئاراوە و بو بە ڕەوتێکی سەربەخۆ و چوە ناو کاروباری ژیانی مرۆڤایەتییەوە، سەرەداوی سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستەم و نادادییەی بەرانبەر ژنان کراوە، هەروەها پەراوێزخستنیان و سەیرنەکردنیان وەک مرۆڤێک، کە خاوەن مافی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوری تایبەت بە خۆیان بن (ئاسۆس،٢٠١٨، ٢١). فێمینیزم ئایدیۆلۆژیایەکە، کە ئامانجە کۆتاییەکەی بریتییە لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بە نەک تەنیا ستەمی پیاوسالاری لەسەر ژن، بەڵکو تەواوی جۆرەکانی ستەم: نەژادی، چینایەتی، فەرهەنگی و مەزهەبی (محمود، ٢٠٢٣، ٢٠). سەبارەت بە پیاوسالاری لەم توێژینەوەیەدا تەنیا وەک ململانێیەکی ڕەگەزیی ڕوت سەیرناکرێت، بەڵکو وەک گوتارێکی دەستەڵات پێناسە دەکرێت، کە لە ناو جومگەکانی زمان و کولتور جێگیر بوە، پیاوسالاری سیستمێکی نیشانەناسییە کە تیایدا مێینە وەک (لاواز، بێدەنگ، پاشکۆ) نیشانە دەکرێت و نێر وەک (هێز، بڕیاردەر، و سەنتەر)، ڕەخنەگرتنی (شێرکۆ بێکەس) لەم سیستمە لە (گۆڕستانی چراکاندا)دا ڕەخنەیە لەو ئەقڵە کولتوریەی کە ژنی لە ناو چەمکەکانی وەک شەرەف و پاراستنی نەریتدا زیندانی کردوە.

پیاوسالاری، بە شێوازە گشتییەکەی ئەو سیستەم و ساختارە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، فەرهەنگییە، کە تێیدا سەردەستیی پیاو بەهای چەوساندنەوە و ستەم دەرهەق بە ژن بەڕێوەدەبات، زۆرجار بە هەڵە ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی باوکسالاری تێکەڵ دەکرێن و لەجیاتی یەکتر بەکاردەهێنرێن، لەکاتێکدا دو چەمکی جیاواز و بە واتای جیاوازن، بێگومان پەیوەندییەکی قوڵ و دانەبڕاویش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام پیاوسالاری بەرفراوانتر و گشتگیرترە هەمو جیهان و ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لە حاڵێکدا باوکسالاری بەگشتی بەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە دەگوترێت،کە لەوێدا باوک، یان کەسێکی بەسااڵچو ڕێبەرایەتیی بنەماڵە، تایەفە، هۆز... لەئەستۆ دەگرێت، بە واتایەکی تر بەشێکە لە سیستەمی پیاوسالاری(محمود،٢٠٢٣، ١٧). پیاوسالاری تەنیا ڕەفتارێکی تاکەکەسی یان دەستەڵاتی پیاوێکی سەرۆک خێزان نییە، بەڵکو سیستەمێکی پێکهاتەیی، مێژویی و کۆمەڵایەتیی قوڵە، کە لەڕێگەی دامەزراوە جیاوازەکانی وەک خێزان، یاسا و ئابوریەوە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە (اعزازی،٢٠٠١، ٣٨). پیاوسالاری ئایدۆلۆژیایە، چونکە کۆمەڵە بیروباوەڕێکی پشتبەستوە بە واقیع کە ئامانجی پاساودان و دروستکردنی پشتیوانییە بۆ ساختاری کۆمەڵایەتیی نێرینە، هاوکات

سیستەمیشە، چونکە سود لە هەر ئامراز و فاکتەرێک (وەک فەرهەنگ و نەریت) وەردەگرێت بۆ ئەوەی بیروباوەڕەکانی بخاتە بواری زنجیرەیەک ڕفتار و کرداری ڕێکخراوە، لە کۆتاییدا، پیاوسالاریی دەستەڵاتێکی هەژمونگەرایە کە لە بچوکترین پێکهاتەی کۆمەڵگاوە (خێزان)، تا گەورەترینی (دەوڵەت) بونی هەیە و هەوڵ بۆ مانەوە و فراوانکردنی خۆی دەدات (محمود،٢٠٢٣، ١٨).

١-٥ پیاوسالاریی وەک گوتارێکی زمانی، جێندەری و کولتوری

بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی قوڵ لە دەقە شیعرییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، پێویستە چەمکی پیاوسالاریی لە سێ ئاستی سەرەکیدا لێکبدرێتەوە، کە زەمینەی دەرکەوتنی نەسەقە شاردراوەکان ڕوندەکەنەوە، ئەم چوارچێوە تیوریییە فرەڕەهەندە و زەمینەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوەکە دەڕەخسێنێت، تا تیشک بخەینەسەر ئەوەی کە چۆن (شێرکۆ بێکەس) لە ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)دا، توانیویەتی ئەو نەریتە شاراوە و بێدەنگانە بخاتە ژێر پرسیارەوە لە ڕوانگەیەکی مێژوییەوە. لە دوای کودەتای کشتوکاڵییەوە، زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکان پەیڕەوییان لە سیستەمی پیاوسالاریی کردوە، بە جۆرێک کە نرخ، بەها و پێگەی پیاو چەندین بەرامبەر باڵاتر بوە لە پێگەی ژن، جگە لەوەش، هزریی پیاوانە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دنیابینیی ژناندا جیاوازیی قوڵی هەبوە؛ بە شێوەیەک کە سنوری جوڵە و چالاکیی ئەم دو ڕەگەزە بە توندی دیاریکراوە و هەر جۆرە پێشێلکارییەک ڕوبەڕوی سزای توندی کۆمەڵایەتی بوەتەوە، لە تەواوی کایەکانی وەک بازرگانی، سیاسەت و جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، مەودا و فەزای ئازادیی ژنان بە بەراورد بە پیاوان هەمیشە بەرتەسک و سنوردار کراوە (جاف، ٢٠٢٥، ٦١). لێرەوە، ئەم پاشخانە مێژویی، جێندەری و زمانییە، دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی یاخیبونی دەق (شێرکۆ بێکەس) لە دژی ئەم چەوسانەوە ڕەمزی و فیزیکییە.

١-٥-١ ئاستی زمانی (پیاوسالاریی وەک گوتاری زمانی): پیاوسالاریی لێرەدا وەک سیستمێکی زمانی کاردەکات کە تێیدا وشە و دەربڕینەکان لە دەوری نێر دەخولێنەوە، لەم ئاستەدا، چەمکە گشتییەکانی وەک مرۆڤایەتی، یان مێژو هەمیشە بە ڕەهەند و ناسنامەیەکی نێرینەوە وێنا دەکرێن، کاتێکیش زمانەکە لە لایەن دامەزراوەی پیاوسالارییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ژن لە ناو زماندا دەبێتە پاشکۆ و دەنگی ڕەسەنی خۆی لە دەستدەدات.

١-٥-٢ ئاستی جێندەریی(پێناسەی پیاوسالاریی لە ڕوانگەی فێمینیزمەوە): لەم ڕوانگەیەوە جەخت لەسەر دابەشکردنی نادادپەروەرانەی دەستەڵات دەکرێتەوە، پیاوسالاریی لێرەدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا پیاو خاوەنی دەستەڵاتی سەرەکییە و ڕۆڵی پێشەنگ دەبینێت لە سەرکردایەتیی سیاسی، دەستەڵاتی ئەخلاقی و کۆنترۆڵکردنی موڵک و ماڵدا، لەم پێکهاتەیەدا ژن وەک پاشکۆ، یان بەرکار (مفعول به) دەبینرێت و پیاوەکان بڕیار لەسەر چارەنوسی مێینەکان دەدەن.

١-٥-٣ ئاستی کولتوری (پێناسەی پیاوسالاریی لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوریییەوە):

لەم گۆشەنیگایەوە، پیاوسالاریی وەک (نەسەقێکی شاراوە) پێناسە دەکرێت، ئەمە سیستمێکی کولتوریی بێئاگایە کە لەڕێگەی زمان، نەریت و ئایینەوە بەهاکانی خۆی دەسەپێنێت، لێرەدا پیاوسالاریی تەنیا ڕەفتاری سەرکوتکارانەی پیاوێک نییە، بەڵکو ئەو هەژمونە فیکرییەیە کە وا دەکات تەنانەت ژنانیش بڕوا بەو چەمک و نەریتانە بهێنن کە دژی شوناس و ئازادیی خۆیانن. بەم شێوەیە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئاوێتەکردنی چەمکەکانی گوتار، ڕەخنەی کولتوری و تیۆریی فێمینیستی، تەنها کۆکردنەوەی چەند دەستەواژەیەکی فیکری نییە، بەڵکو بنیاتنانی کەرەستەیەکی ڕەخنەیی هاوچەرخ و تۆکمەیە بۆ ناسین و هەڵوەشاندنەوەی نەسەقە شاردراوەکانی دەستەڵات لەناو زمان و ئەدەبدا، ئەم چوارچێوە تیۆرییە توانی زەمینەیەکی مەعریفیی پتەو بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی سیستەمی پیاوسالاریی و چۆنیەتیی کارکردنی هەژمونی نێرینە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بهێنێتە ئاراوە، لێرەوە، پاش پرچەکبونی توێژینەوەکە بەم پاشخانە فیکری و میتۆدۆلۆژییە، دەروازەیەکی لۆژیکی دەکرێتەوە بۆ چونە ناو لایەنی پراکتیکی و جێبەجێکاریی بابەتەکە؛ کە تێیدا لە بەشی داهاتودا، ئەم ئامرازە تیۆرییانە دەخەینەگەڕ بۆ شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی گوتاری پیاوسالاریی لەناو قوڵایی کێڵگە زمانی، جێندەری و سیمبولییەکانی ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان) ی (شێرکۆ بێکەس)دا.

٢- ڕەخنەی گوتاری پیاوسالاریی لە (گۆڕستانی چراکان)دا:

(شێرکۆ بێکەس) شاعیرێکە کە هەستی بەو نادادییە مێژویی و کۆمەڵایەتییە کردوە، کە لەڕوی سیاسی، کولتوری و هەموکایەکانی دیکەدا دەرهەق بە ژن کراوە، ئەم هەڵوێستە فیکرییەشی لەناو دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەگەرچی ئەدەبی کوردی بەگشتی (چی لە فۆرمی زارەکی و چی لە شیعری کلاسیکدا) لەژێر هەژمونی پەراوێزخستنی ژندا بوە، بەجۆرێک کە ژن وەک ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی جوانی کارهێنراوە، ئەوا (شێرکۆ بێکەس) لە (گۆڕستانی چراکان)دا ئەو ئاوێنە تەقلیدییە دەشکێنێت، ئەو وەک ڕەخنەگرێکی کولتوریی چیتر پەسنی ڕوخساری مێینە ناکات، بەڵکو وەسفی ئەو زنجیرە کەلتوریانە دەکات کە بەدەست و زمانی پیاوسالاریی لە گەردنی (ژن)ەوە ئاڵاون.

لەم سۆنگەیەوە، لەم بەشە پراکتیکییەدا لە سێ ڕەهەندی جەوهەرییەوە ڕەخنە لە گوتاری پیاوسالاریی لەناو ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)دا دەخەینەڕوو:

٢-١ زمان، یاخیبون، شوناسی سەربەخۆی مێینە

شێرکۆ بێکەس لە دەستپێکی ڕۆمانەشیعرییەکەیدا، لە ڕێگەی گوتارێکی یاخییەوە بەرەنگاریی بونیادە نەریتییەکانی پیاوسالاریی دەبێتەوە، ئەو لە زمانێکی مۆڵەتخوازەوە دەگوازرێتەوە بۆ زمانێکی سەربەخۆ کە تێیدا دەڵێت:

هەر بە جل و بەرگی شیعرەوە... ئەڕۆم
بێ مۆڵەت وەرگرتن.. لە یەکەم ڕەشنوسی تورەم.
بێ مۆڵەت وەرگرتن.. لە ڕەشەبا چەنەبازەکەی ڕەخنەگر
بێ مۆڵەت وەرگرتن.. لە بازگەی هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێ
لە هیچ کەوشەنێ و لە هیچ پیرەڕێ و
لە هیچ داوێکی سەرەڕێ.
ئەڕۆم (بێکەس، ٢٠٠٤، ٩).

لێرەدا (شێرکۆبێکەس) لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوریییەوە،گوزارشت لە تێکشکانی ئەو سیستەمە مۆڵەتخوازە دەکات، کە پیاوسالاریی بونیادی ناوە، لە گوتاری پیاوسالاریدا، مێنە، یان (هەر دەنگێکی جیاواز) بۆ هەمو هەنگاوێکی کۆمەڵایەتی و فیکری پێویستی بە مۆڵەت هەیە، لێرەدا (باوک، برا، مێرد)، ئەو مەرجەعە گشتگیرەن کە ڕێگە دەدەن، یان قەدەغە دەکەن، لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا بازگە تەنیا چەمکێکی سەربازی نییە، بەڵکو شوێنێکە لە فەزای گشتی کە وەک قەڵەمڕەوی پیاو کار دەکات و ژن تێیدا ڕێبوارێکی بێدەستەڵاتە کە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، شاعیر بە ڕاگەیاندنی ڕۆیشتنی بێ مۆڵەت، لە هەمو ئەو بازگە کولتوریی و سیاسییانە یاخی دەبێت، کە دەیانەوێت دەنگی ڕاستەقینەی مێینە و مرۆڤی ستەمدیدە کۆتوبەند بکەن.

دواتر ئەم یاخیبونە فیکرییە، ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ سەر جەستەی مێینە وەک کەرەستەیەکی زمانەوانی و ناسنامەیی، شاعیر لە زمانێکی بێدەنگەوە باز دەدات بۆ ناو جیهانی چریکە و دەڵێت:

هەر بە کاڵای مۆسیقا و چریکەوە ئەڕۆم
واتە بەو جریوەو جوکەو نەغمانەوە
بەو گڕاگڕو گژەگژەی ژانانەوە ئەڕۆم
کە لە بێشەی لەشمەوە دێنە دەرێ
بە چکچکەی ئەو دڵۆپە زیوینانەوە
ئەو دڵۆپی حەسرەتانەوە ئەڕۆم
کە لە نامۆییم ئەتکێنەوەو
ئەچۆڕێنەوەو
ئەبریسکێنەوە.
ئەڕۆم پێبەپێی ڕۆیشتنی شپرزەیی
شانبەشانی ڕۆیشتنی سەراب
قۆڵ لە قۆڵی پاییزدا
ئەڕۆم..
چۆن هەوری داونراو لە گاپێڵی کێواندا
بە شێوەی(با) یەکی ترساو لە چەخماخە
بە وێنەی کێژۆڵەیەکی قوتاربوی ئەوسا
لە هەوای هەڵەبجە
ئەڕۆم (بێکەس، ٢٠٠٤، ٩).

لێرەدا، (شێرکۆ بێکەس) ڕوبەڕوی ئەو تێڕوانینە کولتوریە دێرینە دەبێتەوە کە جەستەی ژن تەنیا وەک کەرەستەیەکی سێکسی یان پەرژینێکی ئۆتۆنۆمی بۆ شەرەفی پیاو دەبینێت، دەق لێرەدا جەستەی مێینە لە کائینێکی پاسیڤەوە دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی زیندوی هاوار، کڵپە و بڵێسە (کە لە بێشەی لەشمەوە دێنە دەرێ)، ئەمە ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆی قوڵە لەو ئەقڵییەتەی کە جەستەی ژنی

تەنیا لە ناو بازنەی حەرام و بەکاربردندا کورت کردوەتەوە، هاوژینبونی وێنەی (کێژۆڵەیەکی قوتاربو لە هەوای هەڵەبجە) لەگەڵ جوڵەی دەقەکەدا، ڕەخنەی پیاوسالاریی و ڕەخنەی سیاسی لای شاعیر یەکدەخات؛ کێژۆڵەی کورد لێرەدا هەم قوربانیی چەکی کیمیاییە (ستەمی سیاسیی دەرەکی) و هەم قوربانیی ئەو شپرزەیی و نامۆییەیە کە سیستەمە گشتییەکە (کولتوری باوخواز) بەسەریدا سەپاندوە، شاعیر شوناسی مێینە لە بێدەنگیی مێژوییەوە بۆ چریکەیەکی مەعریفی دەگۆڕێت.

ئەم گۆڕانکارییە لە پێگەی مێینەدا، لە ڕێگەی هێنانە ناوەوەی کارەکتەری (کاڵێ) وەک دەنگێکی گێڕەرەوە لوتکەی خۆی بەدەست دەهێنێت، لە نمونەیەکی دیکەدا دەڵێت:

من ژنێکی خەڵکی (زینانە)م
ناوم (کاڵێ)یە
سەرگوزوشتەی دۆزەخ و دۆزەخەوان و
بەیتی حەشر و قیامەت و حیکایەتی دابڕان و
هەڵقرچان و، هاتنەوە لە وەو دنیاوە
لە لای منە
ئەوەی کە ئاو پێی ئەزانێ و
ئەوەی کە داری سەرەڕێ و باڵندەکان
پێی ئەزانن، کورتەی خەمە و ئێجگار کەمە (بێکەس، ٢٠٠٤، ٢١).

لێرەدا شاعیر تەنیا شیعر نانوسێت، بەڵکو دەستەڵاتی زمان دەبەخشێتە ژنێک تا خۆی ببێتە گێڕەرەوەی ئەو مێژوەی، کە پیاوسالاریی و دەستەڵاتی سیاسی بێدەنگیان کردوە، ئەم گۆڕانکارییە لە چەند ڕەهەندێکی ڕەخنەی کولتوریدا چڕ دەکەینەوە وەک:

٢-١-١ گۆڕینی ژن لە بابەتەوە بۆ سەرچاوەی مەعریفە

لە گوتاری ئەدەبیی کلاسیکدا، هەمیشە پیاو بکەری گێڕانەوەیە و سەرگوزوشتەی ژن دەنوسێتەوە، بەڵام لێرەدا دەستەواژەی "لە لای منە" هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە، شاعیر مەڵبەندی زانیاری و ڕاستی لە پیاوەوە دەگوێزێتەوە بۆ ژن، (کاڵێ) دەبێتە ئەو کائینە مەعریفییەی کە کلیلی نهێنییەکانی جەنگ و مەرگی لایە، ئەمەش ڕەتکردنەوەی ئەو ئەنساقە کولتوریانەیە کە ژن وەک پاشکۆیەکی بێئاگا لە مێژو دەبینن، لێرەدا ژن دەبێتە مێژونوسێکی ڕەسەن کە مێژویەکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە کە پیاوە سیاسی و سەربازییەکان نەیانتوانیوە یان نەیانوێراوە بیگێڕنەوە.

٢-١-٢ شوناسی شوێن و ناونان (کاڵێ لە زینانە)

دیاریکردنی ناو و ناونیشانی ورد (زینانە و کاڵێ) شێوازێکی گرنگی بەرەنگاربونەوەیە بۆ سەلماندنی بون، لە گوتاری فەرمیی جەنگ و ئەنفالدا، دەستەڵات هەمیشە هەوڵدەدات قوربانییەکان وەک ژمارەی ڕوت و بێدەنگ سەیر بکات، تا ڕەهەندە مرۆییەکەیان بسڕێتەوە، بەڵام (شێرکۆ بێکەس) بەم ناونانە شوناسی کۆمەڵایەتی بۆ قوربانی دەگەڕێنێتەوە، ناوی (کاڵێ) لە ناوێکی سادەوە دەبێتە ناوی شاهیدێکی مێژویی گەورە، و گوندی (زینانە) لە پەراوێزێکی جوگرافیی گەرمیانەوە دەبێتە سەنتەری گێڕانەوەی ڕوداوەکان، ئەمەش ڕەخنەیە لەو گوتارە سەنتەرییە نێرینەیەی کە تەنیا شارە گەورەکان و پیاوە سیاسییەکان بە ناوەندی مێژو دەزانێت.

٢-١-٣ ڕەخنە لە زمان و کورتهێنانی دەربڕین

کاتێک کاڵێ دەڵێت: "کورتەی خەمە و ئێجگار کەمە"، ڕەخنەیەکی قوڵ لە خودی زمان دەگرێت، ئەو ڕایەگەیەنێت کە ئەوەی تەنانەت سروشتیش (دار و باڵندەکان) دەیگێڕنەوە تەنیا بەشێکی بچوکی کارەساتەکەیە، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە قورسایی ستەمی سەر ژن لە ناو سیستەمی پیاوسالاریی و جەنگدا ئەوەندە گەورەیە، کە هیچ زمانێکی باو و تەقلیدی پیاوانە ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، خەم لێرەدا تەنیا هەستێکی سۆزداریی پاسیف نییە، بەڵکو بارێکی گەورەی مەعریفییە کە تەنیا ژنێکی قوتاربوی ناو دۆزەخ دەتوانێت قورساییەکەی هەست پێ بکات.

٢-١-٤ ژن وەک شاهیدی مێژویی

شێرکۆ بێکەس شوناسی (کاڵێ) وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ بێدەنگیی مێژویی بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا گوتاری پیاوسالاریی هەمیشە هەوڵدەدات ژن وەک کائینێکی لاواز، ترساو و بێ بڕیار نیشانبدات، شاعیر (کاڵێ) دەکاتە خاوەنی گەورەترین ڕاستییە گەردوونییەکان "بەیتی حەشر و قیامەت"، لێرەدا ژن چیتر بابەتێک نییە وەسف بکرێت، بەڵکو خۆی دەبێتە دەنگی ڕەسەنی ڕوداوەکە، ئەمەش گەورەترین ڕەخنەی کولتوریە لەو مێژوە نوسراوەی کە هەمیشە ڕاستییەکانی تەنیا لە دیدگای پیاوەوە تۆمارکردوە.

٢-٢ بونیادی هەژمونی نێرینە و تێکشکاندنی شوناس: جێندەرکردنی کارەسات وەک مانیفێستێکی ڕەمزی

لەم باسەدا، ستراتیژیەتی دەق لە ئاستی داڕشتنەوەی جێندەریی کارەساتدا پشکنینی بۆ دەکرێت، بە جۆرێک کە چەمکی مەرگ و وێرانکاری لە فەزایەکی ڕوت و بێلایەنی سیاسییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کلێشە دەروونی و کولتوورییەکان و بونیادی هەژمونی نێرینە، (شێرکۆ بێکەس) لە ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)دا، توندوتیژیی ڕێکخراوی وەک ئەنفال تەنیا وەک جەنگێکی سەربازیی وشک جێگیر ناکات، بەڵکو وەک مانیفێستێکی ڕەمزی دەینوسێتەوە کە تێیدا عەقڵییەتی نێرینەی باڵادەست، جەستە، سروشت و شوناسی مێینە دەکاتە پێگەی یەکەم بۆ سەپاندنی دەستەڵاتی خۆی، لەم سۆنگەیەوە، تێکشکاندنی شوناس لە ڕێگەی تونداوتیژییەکی ڕەمزیی فرەڕەهەندەوە کاردەکات؛ شاعیر بە هێنانەناوەوەی مێتافۆری چڕی وەک (بیابان، کوللە، و شەپۆلی نێرینە) وەک بکەری سڕەرەوە، لە بەرانبەر (کچێنی، گوڵەگەنم... و سەرچاوەی ئاو) وەک نوێنەری قوربانی، هاوسەنگییەکی نوێ بە ڕەخنەی جێندەری دەبەخشێت، (شێرکۆ) لێرەدا ڕەگی مێژویی و ئەقڵانیی ئەو تونداوتیژییە هەڵدەوەشێنێتەوە کە جەلاد و کارەسات لە ناو یەک بونیادی پیاوسالاریی گشتگیردا بەرهەمدەهێنێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم لایەنە، شاعیر لە وێناکردنی جوڵەی مێژودا دەنوسێت:

چۆن سەفەرێ جۆگەیەکی سەرچاوەکوژراو
کە هەر پەڕواو بە دەم شەپۆڕی نێرینەی شەپۆلەوە
وڕێنەیەتی و نە ئەتوانێ بگەڕێتەوە
سەر خوێنی سەرچاوەو
نە ئەیشیزانێ لەبەر دەمەوە
بە کام تۆناوتون ئەگات و
بە کام جەیحونی نادیار و بە کام گراداڤ و
لە کوێدایە چارەنوسی ئاو (بێکەس، ٢٠٠٤، ١٢).

لێرەدا (شێرکۆ بێکەس) بنەمای نێرینەیی وەک هێزێکی تێکدەر و وێرانکەر وێنا دەکات، لە ڕێگەی هێماکانی سروشتەوە (ئاو، جۆگە، شەپۆل)، ململانێی نێوان مێینە وەک قوربانی و پیاوسالاریی وەک هێز کورت دەکاتەوە، کە بەم شێوازە دابەشی دەکەین:

١- جۆگەی سەرچاوە کوژراو: دایک یان مێینە هەمیشە لە مۆتیڤە کولتوورییەکاندا هێمای سەرەتا و سەرچاوەی ژیانە، کاتێک دەق باس لە "جۆگەیەکی سەرچاوەکوژراو" دەکات، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گوتاری پیاوسالاریی لە ڕێگەی تونداوتیژییەوە (ئەنفال یان گوتاری سەربازی) سەرچاوەی مێینەیی بڕیوە، ئەم جۆگەیە، کە هێمایە بۆ کچانی ئەنفالکراو، بوەتە کائینێکی بێ شوناس کە نە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردو و نە ئایندەی خۆی بەدیدەکات.

٢- شەپۆڕی نێرینەی شەپۆل: شاعیر لێرەدا پۆلێنێکی ڕونی جێندەری بۆ ئازار و هێز دەکات. "شەپۆل" هێمایە بۆ ئەو دامەزراوە گەورە و تونداوتیژەی کە جۆگە بچوکەکە ڕادەمالێت، بە ناوبردنی شەپۆل بە نێرینە، شاعیر جەخت دەکاتەوە کە ئەو هێزەی مێژو بە ئاڕاستەی کارەساتدا دەبات، هێزێکی پیاوسالارانەیە و ژن لێرەدا تەنیا پەڕاوێکی بێدەستەڵاتە کە بە دەم ئەو تەوژمەوە دەڕوات.

٣- وڕێنە و نادیاریی وەک سڕینەوەی ئیرادە: لە گوتاری پیاوسالاریدا، بڕیاردان لە دەستی نێردایە و مێینە دەبێت تەنیا چاوەڕوانی چارەنوس بێت، دەستەواژەی نە ئەیشیزانێ لەبەر دەمەوە بە کام تۆناوتون ئەگات، گوزارشت لەو بێدەستەڵاتییە دەکات، کە سیستەمەکە بەسەر ژندا سەپاندویەتی، وڕێنە لێرەدا نیشانەی تێکچونی دەروونی و ئەو فشارە کولتوورییە قورسەیە، کە ڕێگە نادات مرۆڤی قوربانی (ژن) بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات.

لەم پێگەیەوە، شاعیر ڕەخنە لە مێژویەکی گشتگیر دەگرێت کە لەسەر شوناسی نێرینەی باڵادەست بونیادنراوە، و دەڵێت:

کۆمەڵێ پیاو، هەمو لە قوڕی ئەمەوی.
کۆمەڵێ سەر، هەمو لە دورگەی تاریکیی
کۆمەڵێ دەس، هەمو لە شمشێری حەجاج
کۆمەڵێ ڕەنگ، هەمو لە ڕەنگی ئافات و
کۆمەڵێ دەنگ، هەمو لە دەنگی نەهات و
کۆمەڵێ بۆن، هەمو لە بۆنی شانزەی سێ و
پەیامێکی مەنجەنیقی و
پەیامێکی بێ پرسیار و
مێژویەکیش لە منارەی کەللەسەرو
سەروەرییەک: لە جۆگە خوێنی ئەبەدیی! (بێکەس، ٢٠٠٤، ٢٦).

ئەم پارچە شیعرە لوتکەی ڕەخنەی کولتوری و سیاسییە لە گوتاری نێرینەیی وێرانکەر، (شێرکۆ بێکەس) لێرەدا وێنەی پیاو وەک بکەرێکی مێژویی ئەرێنی ناکۆشێت، بەڵکو وەک کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مەرگ وێنای دەکات، کە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەش دەبێت:

۲-۲-۱ مێژوی نێرینە وەک کۆمەڵە پیاوێکی تاریک:

بەستنەوەی کۆمەڵێ پیاو بە (ئەمەوی، حەجاج، شمشێر)ەوە، ڕەخنەگرتنە لە مێژوی پیاوسالاریی سیاسی، شاعیر ڕایدەگەیەنێت کە ئەو مێژوەی پیاو شانازیی پێوە دەکات و وەک سەروەری دەینوسێتەوە، لە ڕاستیدا تەنیا ڕیزبونی شمشێر، فەرمانڕەوا ستەمکارەکان و منارەی کەللەسەرەکانە، ئەم پیاوانە لە قوڕی ئەقڵییەتێکی وێرانکەر دروستبون کە تەنیا جەنگ و تاریکی بەرهەم دەهێنێت.

۲-۲-۲ زمان و پەیامی بێ پرسیار:

گوتاری پیاوسالاریی گوتارێکی دۆگماتیکە؛ تەنیا فەرمان دەدات و ڕێگە بە پرسیار و گومان نادات، ژن لە ناو ئەم گوتارەدا تەنیا دەبێت وەرگری بێدەنگ و گوێڕایەڵ بێت، شاعیر نیشانمان دەدات چۆن ئەم ئەقڵییەتە بێ پرسیارە لە کایەی سیاسیدا دەبێتە هۆی دروستبونی کارەساتی وەک "شانزەی سێ" (کیمیاباراني هەڵەبجە)، لێرەدا توندوتیژیی سیاسی و توندوتیژیی پیاوسالاریی لە سەر بنەمای سەپاندنی ڕای یەک لایەنە یەکدەگرنەوە.

۲-۲-۳ منارەی کەللەسەر: هێمازانیی دەستەڵات:

شاعیر بەستنەوەی فەزای ئاینی/کەلتوری (منارە) بە مەرگەوە (کەللەسەر)، هێمازانیی دەستەڵاتی نێرینە هەڵدەوەشێنێتەوە، پیاو لێرەدا لە پاسەوانی کۆمەڵگەوە دەگۆڕێت بۆ تێکدەری کۆمەڵگا، سەروەرییەک کە لە جۆگەی خوێنی ئەبەدی دروست بێت، لای شاعیر گەورەترین شکستی کولتوریی مرۆڤایەتییە، چونکە لەسەر سرپنەوەی ژن و ژیان وەستاوە.

ئەم تێکشکاندنە ڕەمزییەی شوناس، لە مێتافۆری هێرشی دەرەکیشدا ڕەنگدەداتەوە، کاتێک شاعیر لەسەر زمانی کچێکەوە دەڵێت:

هێشتا کچ بوم
نیوەڕۆیەک ڕەوە کوللە بەری دڵ و
ئاسمانی گرت. ڕوناکی کەوتە گیانەڵاو
کوللە چاوی گوڵەگەنمی هەتاوی خوارد
هەورێکی زەرد. سێبەری زەرد. کەوتە
دەشت و کەوتە شاخ و هەمو دەرگامان
پێوەدا! وتیان کوللەی بیابانەو
ئافاتێکە لەناو لمەوە هاتوەو، لە
دۆزەخەوە باڵیگرتوەو، تاعونێکەو
هاتۆتە سەر ناوچەکەمان! (بێکەس، ٢٠٠٤، ٦٨).

لەم دەقەدا، شاعیر لە ڕێگەی گێڕانەوەی دەنگی مێینەوە، توندوتیژیی سیستماتیک و داگیرکاریی وەک ئافاتێکی ڕەگەزی و سیاسی وێنا دەکات، کە دەکرێت لە سێ ڕەهەندی زانستیدا شیبکەینەوە:

۱- ڕەهەندی جێندەریی:

هێشتا کچ بوم،
نیوەڕۆیەک ڕەوە کوللە بەری دڵ و
ئاسمانی گرت،

دەستپێکردن بە "هێشتا کچ بوم" کلیلێکی گرنگی فێمینیستییە، کچ لێرەدا تەنیا قۆناغێکی تەمەن نییە، بەڵکو هێمایە بۆ دۆخی بێتاوانی، ناسکی و ئاشتیخوازی پێش گەیشتنی دەستی توندوتیژی، شاعیر سەرەتای کارەساتی ئەنفال یان هەر هێرشێکی دەرەکی دەبەستێتەوە بەم قۆناغە ناسکەوە؛ واتە ئەو هێزە نێرینە وێرانکەرەی کە هێرش دەکات، گوێ بە بێتاوانی نادات و لە ساتی گەشەکردنی خەونەکاندا دێت بۆ گرتنی "بەری دڵ و ئاسمان" کە هێمای هیوای مێینەن.

۲-ڕەهەندی کولتوری:

کوللە چاوی گوڵەگەنمی هەتاوی خوارد...
وتیان کوللەی بیابانەو ئافاتێکە لەناو لمەوە هاتوە

شاعیر هاوکێشەیەکی کولتوری لە نێوان (گوڵەگەنم/مێینە/ژیان) و (کوللە/نێرینە/بیابان) دروست دەکات، گوڵەگەنمی هەتاو هێمای ژیان، بەرهەمهێنان و فەزای سەوزی مێینەییە، لە کاتێکدا کوللەی بیابان و لم هێمای وشکی، برسێتی و تێکدانە، لە ڕوانگەی ڕەخنەی جێندەرییەوە، بیابان و لم گوزارشتن لە گوتارێکی نێرینەی ڕەق، کە ناتوانێت جوانی و سەوزی قبوڵ بکات، خواردنی "چاوی گوڵەگەنم" هێمایەکە بۆ کوشتنی سەرچاوەی بینین و ئاراستەکردنی ژیان لە لایەن هێزێکی داگیرکەری پیاوسالارەوە (سوپای ئەنفال) کوللە(نێر)سیفەتی ئەوەیە بەسەر سەوزاییدا بڕوات وێرانی دەکات، تا ڕەگەکەی هەڵدەپاچێ، جا ئەگەر ئەم کوللەیەش هەر خودی خۆی داگیرکەر و وێرانکەر بێت(سەوزی بڕبێت)، ئەوە گوڵەگەنم(مێ)ناچارە ڕاوەستێ تا دەپوکێتەوە و لەناودەچێت.

٣- ڕەهەندی هێمایی:

ڕوناکی کەوتە گیانەڵاو...

هەورێکی زەرد.

سێبەری زەرد. کەوتە دەشت..

تاعونێکەو هاتۆتە سەرناوچەکەمان

ڕەنگی زەرد لێرەدا هێمای پەتای پێشوەختە و داڕوخانی سروشتە، بەکارهێنانی وشەی "تاعون" ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم هێرشە تەنیا جەنگێکی سەربازیی کاتی نییە، بەڵکو پەتا و بێدەنگییەکی کولتوورییە کە مێژوی ناوچەکە دادەپۆشێت، داخستنی دەرگاکان "هەمو دەرگامان پێوەدا" نیشانەی گەمارۆدانی فەزای تایبەتی ژنە لە لایەن ترسەوە، کاتێک ئافاتە نێرینەکە لە دەرەوەیە، مێینەکان ناچارن لە ناو ماڵدا خۆیان زیندانی بکەن، کە ئەمەش سرپنەوەی چالاکیی کۆمەڵایەتیی ژن و گۆڕینەتی بۆ کائینێکی ترساو.

٣-٢ بونیادی دامەزراوەیی پیاوسالاریی (ئاین، دەوڵەت، نەریت) و فەزای هاوسۆزی مێینە

لەم باسەدا، ڕەهەندە پراکتیکییەکانی توێژینەوەکە بەرەو کایە گشتی و جێگیرەکانی کۆمەڵگا فراوان دەبن، بەجۆرێک کە تێیدا تیشک دەخرێتەسەر بونیادی دامەزراوەیی پیاوسالاریی لە سێ سێکتەری سەرەکیدا کە ئەوانیش: (ئاین، دەوڵەت، نەریت)ن، (شێرکۆ بێکەس) لە (گۆڕستانی چراکان)دا پێمان دەڵێت کە چەوسانەوەی ژن تەنیا کارێکی تاکەکەسیی پیاوانە نییە، بەڵکو بەرهەمی هاوپەیمانی و هەژمونی ئەم دامەزراوە گەورانەیە کە لە ڕێگەی (فتوای ئاینی، یاسای دەوڵەتی/ عەسکەرتاریەت، نەریتی کۆمەڵایەتی)یەوە شوناسی مێینە کونترۆڵ دەکەن، هاوکات لەپاڵ نیشاندانی ئەم گەمارۆدانە دامەزراوەییەدا، دەق کار لەسەر بنیادنانی هاوسۆزی مێینە دەکات وەک ڕوبەڕێکی بەرەنگاریی ڕەمزی، (شێرکۆ بێکەس) نیشانمان دەدات کە چۆن ژنان لە ساتەوەختی کارەسات و هەرەسدا، لە دەرەوەی بازنەی دەستەڵاتی نێرینە، پەنا بۆ یەکتری دەبەن و لە ڕێگەی دروستکردنی ئەڵقە و پەرژینی هاوسۆزییەوە هێزێکی ڕەگەزیی نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە کە بەهاکانی پیاوسالاریی پێ دەخەنە ژێر پرسیارەوە، لێرەدا ئازاری هاوبەشی ژنان لە دۆخی قوربانیبونی پاسیڤەوە دەگۆڕێت بۆ گوتارێکی مانیفێستکەری هاوبەشی.

یەکەم دامەزراوە کە ڕوبەڕوی ڕەخنەی توند دەبێتەوە، دامەزراوەی ئاینییە کاتێک لە خزمەت ئەقڵییەتی پیاوسالاریدا بەکاردێت:

بەخۆم و دەسکەنەیەک
لە قژی ئەو ژنەوە ئەڕۆم
کە شمشێری فەتوایەک
لەسەر تاوێرە بەردێکی تەوێڵە
بەنێوی خوداوە، گەردنی ڕفان و
لە دواییدا وەک دیاریی دای بە منارەیەک! (بێکەس، ٢٠٠٤، ٥٢).

لێرەدا، دەقەکە پەردە لەسەر ترسناکترین ڕەهەندی گوتاری پیاوسالاریی لادەبات، ئەویش شەرعیەتدانی دامەزراوەییە بە کوشتن و سرپنەوەی ژن، کاتێک توخمەکانی وەک (شمشێر، فتوا، خودا، منارە، گەردن) بەیەکەوە کۆدەبنەوە، سیستمێکی چەوسێنەر نیشان دەدەن کە ئاین و ناوە پیرۆزەکان وەک پاساو بۆ ڕەوایەتیدان بە تووندوتیژی دژ بە جەستەی مێینە بەکاردەهێنێت، کاتێک گەردنی بڕاوی ژنێک دەبێتە دیاری بۆ منارەیەک، ئەمە لوتکەی ڕەخنەی کولتوورییە لەو ئەقڵییەتە پیاوسالارییەی کە ژن تەنیا وەک کەرەستەیەکی بێبەها و قوربانییەک بۆ پاراستنی بونیادە نەریتییەکان دەبینێت، شمشێر و فتوا لێرەدا بۆ کپکردنی دەنگی مێینە هاوکار و تەواوکارن و یەکدەگرن.

ئەم گەمارۆدانە تەنیا لە ڕێگەی فتوای ڕاستەوخۆوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەرکە کولتوری و نەریتییەکانی کۆمەڵگەوە کار دەکات، شاعیر لە تێکەڵکردنی شوناسی نێوان دایک و کچدا دەڵێت:

دواتر دەڵێت:

ئەوەتا لە دوەمدا
لاواندنەوەی دایکم
بوە بە توتاکێکی ڕەش و سپی و
لە نێوان خەزانە خەمێکی درێژ و
ڕنۆ بەفرێکی کڵۆڵ و قەتیسدا دێت و ئەچێ!
لە سێهەمدا نامەی کچێ
کە پڕێتی لە پەلکەگیاو لە شەونمی حەرف و
لە زەنگینانەی پرشنگ و
بوە بە بالیفی خەیاڵێکم و
شەوانە پرژاڵی تەنیایی لەسەر ئەڕوێ! (بێکەس، ٢٠٠٤، ٥٨).

لەم دو پارچە شیعرییەدا، (شێرکۆ بێکەس) دو وێنەی جیاواز لە قوربانیبونی مێینە دەخاتە ڕو: یەکەمیان دایک وەک نوێنەری نەوەی کۆن و لاواندنەوە، دوەمیان کچ وەک نوێنەری نەوەی نوێ و خەون، لێرەدا ڕەخنەی کولتوری دەتوانێت پەردە لەسەر ئەو ئازارە قوڵە لابدات کە پیاوسالاریی و کارەساتی سیاسی پێکەوە دروستیان کردوە.

١-لاواندنەوەی دایک: مێژویەکی ڕەش و سپی

لە کولتوری پیاوسالاریدا، ئەرکی خەمخواردن و گریان و لاواندنەوە دراوە بە ژن، ژن کراوە بە کۆگای خەمەکانی خێڵ، (شێرکۆبێکەس) دەڵێت لاواندنەوەی دایک بوە بە (توتاکێک)ی ڕەش و سپی توتاک باڵندەیەکی بچوکە، ئەم وێنەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ژنی کورد (دایک) لە ناو سیستەمێکی پیاوسالاریدا، تەنیا ئەرکی لاواندنەوەی بۆ ماوەتەوە. وشەی ڕەش و سپی ئاماژەیە بۆ ژیانێکی بێ ڕەنگ، ژیانێک کە تەنیا لە نێوان خەزان و بەفردا قەتیس بوە، لێرەدا ڕەخنە لەوەیە کە کولتور ڕێگەی بە دایک نەداوە بژی، بەڵکو تەنیا ڕێگەی داوە شیوەن بکات و بگری.

٢-نامەی کچ: خەونێک لە ناو تەنیاییدا

کچ لێرەدا هێمایە بۆ جواناسی و پرشنگ، جوانییەکەی لە ناو پرژاڵی تەنیایی نامەی کچەکە کە پڕە لە شەونمی حەرف جێگیر بوە، نیشانەی ئەو دەنگە مێینەیەیە کە دەیەوێت خۆی دەربڕێت (بنوسێت)، بەڵام سیستمە گشتییەکە (کولتوری و سیاسی) وای کردوە ئەم نامەیە تەنیا ببێتە بالیفی خەیاڵ، لێرەدا ڕەخنەکە لەوەدایە کە پیاوسالاریی خەون و نامەی کچان دەگۆڕێت بۆ تەنیاییەکی قوڵ، کچەکە ناتوانێت لە ڕاستیدا ئامادە بێت، تەنیا حەرفەکانی ئامادەن، (شێرکۆ بێکەس) لەم دەقەدا دو شێوازی جیاوازی ئامادەیی مێینەمان نیشاندەدات کە هەردوکیان لە بنەڕەتدا قوربانین، دایک لای شاعیر لە لاواندنەوەدا کورت کراوەتەوە، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ئەرکە کەلتوریە دێرینەیەیە کە پیاوسالاریی بەسەر ژنی کوردا سەپاندویەتی ژنی کورد وەک هێمای ڕەشپۆشی، لە بەرانبەردا، کچ لە ڕێگەی نامە و حەرفەوە دەردەکەوێت، کە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی شوناسێکی نوێ، بەڵام ئەم هەوڵە هێشتا لە ناو تەنیایی و خەیاڵدا قەتیسە، شاعیر لێرەدا ڕەخنە لەو سیستمە دەگرێت کە ناهێڵێت مێینە لە لاواندنەوەی ڕابردو و تەنیایی ئێستا ڕزگاری بێت، لە (گۆڕستانی چراکان)دا، ستەمی نەتەوەیی (ئەنفال) و ستەمی ڕەگەزی (پیاوسالاری) دو لایەنی یەک کارەساتن؛ پیاوسالاریی لە ناوخۆدا ژن دەچەوسێنێتەوە و ئەنفالیش لە دەرەوە.

ئەڵقەیەک ژن، لە ڕەگەزی گەڵارێزان، لە توخمی
شەوی تەمتومان. بوبون بە پەرژین بۆ ژنێ
لە ناوەندا ئەیزریکان. ژنەی ناوەند پاڵکەوتوەو
لەسەر پشتە و نیوەی لەشی لە باوەشی چەند ژنێکداو
نیوەکەی تری بەڕەڵا، وەختێ ئازار کرژ ئەبۆوە،
بەپڕاوپڕی بەنگەڵەو بە پڕاوپڕی زەمان و ئەم دنیایە
ئەیقریشکان. تەوژمی ژان و جۆگە خوێن، لەناو
گەڵدا، لەگەڵ تیشکی گڵۆپێکی زەردا و لەگەڵ
نزاو لەگەڵ ویردا تێکەڵ بە یەکتری ئەبون لەبەر چاوی
پیسی قەمەو بەر تەماشای چەند نێزەدا.
جۆگەلەی خوێن لە ژێرەوە دزەی کردو

چوە دەرێ و ئەڵقەی بەزان، ئەوسا ئیتر نزاو ویردو
قیژەی ژنەو، هەوای ژورو، کۆنکرێت و،
سەروملی مشایەخ و، ئەسحابەکان، بە پرژە پرژی
ئەو خوێنە هەر هەمویان سور هەڵگەڕان!.. (بێکەس، ٢٠٠٤، ٢٧).

ئەم پارچە شیعرە، یەکێکە لە گرینگترین و پڕماناترین وێنەکان بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتاری پیاوسالاریی، چونکە لێرەدا پڕۆسەی ژان و منداڵبون (کە تایبەتترین ئەزمونی مێینەیە) تێکەڵی تۆندوتیژیی نێرینەیی و پیرۆزییە ئایینییەکان دەبێت، لە سێ ڕەهەندەوە باسی دەکەین:

٢-٣-١ ململانێی ژان و تۆندوتیژی: جەستەی ژن وەک گۆڕەپانی جەنگ

(شێرکۆ بێکەس) وێنەی ژنێکی دوگیان دەکێشێت کە لە ناو جەرگەی ئازاردا، لەبری پزیشک و ئارامیی، ڕوبەڕوی چاوی پیسی قەمە و بەر تەماشای چەند نێزە دەبێتەوە، لە گوتاری پیاوسالاریی تەقلیدیدا، خوێنی مێینە بەتایبەت خوێنی منداڵبون یان سوڕی مانگانە وەک پیسی یان نەگریس سەیر دەکرێت کە نابێت نزیکی پیرۆزییەکان بکەوێت، (شێرکۆبێکەس) لێرەدا ئەو هاوکێشەیە هەڵدەگەڕێنێتەوە؛ ئەو خوێنی ژنی چەوساوە دەکاتە پاکژکەرەوە یان ڕیسواکەرەوەی ئەو پیرۆزییە درۆینانەی کە لە بەرانبەر ئازاری ژندا بێدەنگن، ئەمە ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵە لەو پیاوسالارییە ئایینییەی کە ناوی دەستەڵاتدارانی ئایینی، دەهێنێت بەڵام جۆگە خوێنی ژنێک نابینێت.

٢-٣-٢ ئەڵقەی ژنان سیستەمی هاوسۆزیی مێینە

ژنەکان بون بە پەرژین بۆ ژنە دوگیانەکە، (شێرکۆبێکەس)، لێرەدا پەرژینی مێینە دەخاتە بەرانبەر نێزەی نێرینە، ژنەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی نزا و ویردەوە پارێزگاری لە هاوڕەگەزەکەیان بکەن، ئەمە نیشانیدەدات کە لە سیستەمێکی پیاوسالاریی تۆندوتیژدا، تەنیا ژنان خۆیان دەبنە پەناگە بۆ یەکتری، بەڵام لە کۆتاییدا خوێنەکە هەمو ئەوانە دەبەزێنێت، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە کارەساتەکە ئەوەندە گەورەیە، نزای ژنانیش دادی نادات، (شێرکۆ بێکەس) لەم تێکستەدا لوتکەی تۆندوتیژیی گوتاری پیاوسالاریی نیشاندەدات؛ ئەو کاتەی کە قەمە و نێزە وەک نوێنەری دەسەڵاتی نێر، چاودێریی ژانی منداڵبونی ژنێک دەکەن. شاعیر لێرەدا ڕەخنەیەکی بوێرانە لە پیرۆزییە کولتوری و ئایینییەکان دەگرێت؛ کاتێک خوێنی ژنەکە دەپرژێتە سەر سەروملی دەستەڵاتدارانی ئایینی، ئەمە هێمایەکە بۆ ئەوەی کە ئازاری ژن پیرۆزیی ئەو ناوانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە لە کاتی ستەمدا بێدەنگ بون، (شێرکۆبێکەس) لێرەدا جەستەی ژن لە پەراوێزەوە دەهێنێتە ناوەند و دەیکاتە ئەو مەڵبەندەی کە هەمو جیهان (کۆنکرێت، مشایەخ، ئەسحابەکان) سور هەڵدەگەڕێنێت و ڕاستییە تاڵەکان ئاشکرا دەکات.

لە کۆتاییدا، ئەم گەمارۆدانە دامەزراوەییە لوتکەی خۆی لە ناو دامەزراوەی "دەوڵەت" و فۆرمە عەسکەرتاریەتەکەیدا بەرجەستە دەکات، کاتێک شاعیر دەنوسێت:

دەوڵەت لەناو ماشێنێکی
داپۆشراودا بە تەنها هەر دەم و چاوی
بێدەربەستی عەسکەرێکی خەواڵوبو، ئەرێ
ئەمیش دایکی هەیە؟! کچی هەیە؟! کوڕی
هەیە؟! خەو ئەبینێ یان نایبینێ؟ بیری پێخەفەکەی
ئەکات؟! بیری حەوشەی ماڵەکەیان؟! بیری ژنێ؟!
بیری تەیرێ؟! بیری گوێلکێ یان مەڕێ؟!
ئەرێ ئەمیش خەمی گەڕانەوە ئەخوات بۆ لای
یەکێ؟! بە خۆشەویستی ئاشنایە؟! زیندەوەرێکی خۆش
ئەوێ؟! ئەم سەفەرەی بیر ئەمێنێ؟! (بێکەس، ٢٠٠٤، ٨٥).

(شێرکۆ بێکەس) لێرەدا لایەنێکی داپۆشراوی گوتاری پیاوسالاریی سیاسی هەڵدەماڵێت، ئەویش بێگانەکردنی پیاوی جەنگاوەرە لە بەها مرۆڤی و مێینەییەکان، کە بەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکیدا دابەشی دەکەین:

١-ڕەهەندی کەلتوری (میتافۆری دەوڵەت وەک کائینێکی بێدەربەست): شاعیر "دەوڵەت" (کە بەرزترین دامەزراوەی گوتاری پیاوسالاریی سیاسییە) لە چەمکێکی تیۆرییەوە کورت دەکاتەوە بۆ هێمایەکی ماددی کە ئەویش "عەسکەرێکی خەواڵو"ە لە ناو ماشێنێکی داپۆشراودا، ماشێنی داپۆشراو هێمای دابڕانی دەستەڵاتە لە خەڵک و کارکردنیەتی لە ناو تاریکیدا، وشەی "بێدەربەست"

گوزارشته له لوتکەی درێندەیی سیستم؛ عەسکەرەکە خەواڵوە چونکە مەرگ و ئەنفالکردنی هەزاران ژن و منداڵ لای ئەو بوەتە کارێکی ڕۆتینی و ئاسایی، ئەمە ڕەخنەیە لە سڕبونی وێژدانی نێرینە کاتێک دەبێتە ئامرازی دەستی دەستەڵات.

٢-ڕەهەندی جێندەریی (دارێنینی عەسکەر لە فەزای مێینەیی و سۆزداری): لێرەدا شاعیر ڕوبەڕوی گەورەترین فێڵی گوتاری عەسکەرتاریەت دەبێتەوە، سیستەمی سەربازی بۆ ئەوەی پیاوێک ئامادە بکات بۆ کوشتن، دەبێت سەرەتا لە هەمو پەیوەندییە سۆزداری و مێینەییەکانی دابڕێت؛ پێویستە پەیوەندی بە (دایک، کچ، هاوسەر)ەوە لە مێشکیدا بسڕێتەوە، تا ببێتە ئامێڕی مەرگ، (شێرکۆبێکەس) بەم زنجیرە پرسیارە دەیەوێت بڵێت: هۆکاری توندوتیژیی ئەم عەسکەرە نێرینەیە ئەوەیە کە نامۆ بوە بە فەزای مێینە و مرۆیی؛ گوتاری پیاوسالاریی وای لێکردوە کە "بیری حەوشەی ماڵ" و "خۆشەویستی زیندەوەرێک" لە یاد بکات.

٣-ڕەهەندی هێمایی (ململانێی ماڵ و ماشێنی جەنگ): شاعیر هێماکانی ژیانی مەدەنی دەخاتەڕو: (پێخەف، حەوشەی ماڵ، گوێلک، مەڕ)، لە ڕەخنەی کولتوریدا، ئەم هێمایانە نوێنەرایەتی ئۆبژێکتیڤیسێوێنی جەنگ دەکەن؛ ئەمانە فەزای ئاشتی و ژیانن کە زۆرجار لە کولتوری ئێمەدا بە ژنەوە دەبەسترێنەوە، کاتێک عەسکەرەکە لەم هێمایانە دادەبڕێت، چیتر خەمی گەڕانەوە ناخوات و ڕابردوی خۆی بیرنامێنێت "ئەم سەفەرەی بیر ئەمێنی؟!"، ئەمە دەیسەلمێنێت کە پیاوسالاریی سەرەڕای ئەوەی (ژن و منداڵی ئەنفال) دەسڕێتەوە، هەم جەلادەکەش (عەسکەرەکە) لە مرۆڤبون دادەماڵێت.

ئەنجامەکان:

١- تێکشکاندنی زمان و گوتاری باو: توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە (شێرکۆ بێکەس) لە (گۆڕستانی چراکان)دا، سەرکەوتوانە گوتاری باو و تەقلیدیی ئەدەبیاتی کوردی دەشکێنێت، ئەو زمان لە فۆرمە مۆڵەتخوازە پیاوسالارەکەی (کە تێیدا مێینە هەمیشە بۆ جوڵە و دەربڕین پێویستی بە مەرجەعی نێرینە هەیە) دادەماڵێت و دەیگۆڕێت بۆ زمانێکی یاخی، کە تێیدا جەستە و شوناسی مێینە دەبنە بکەری یەکەم.

٢- گۆڕینی پێگەی ژن لە بابەتەوە بۆ سەرچاوەی مەعریفە: لە ڕێگەی هێنانەناوەوەی کارەکتەری (کاڵێ) وەک گێڕەرەوە، مەڵبەندی ڕاستی و زانیاری لە پیاوەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ژن، ژن لێرەدا چیتر بابەتێک نییە، کە پیاو پەسنی بکات یان مێژوەکەی بنوسێتەوە، بەڵکو خۆی دەبێتە مێژونوسێکی ڕەسەن و شاهیدێکی مەعریفی کە ڕاستییە شاردراوەکانی کارەسات دەگێڕێتەوە، واتە لەم دەقەدا ژن لە قسەلەسەرکراوەوە دەبێتە قسەکەر.

٣- توێژینەوەکە نیشانی دەدات کە شاعیر لە دژی گوتاری فەرمیی جەنگ و داگیرکاری—کە هەمیشە هەوڵدەدات قوربانییەکان وەک ژمارەی ڕوت و بێدەنگ نیشانبدات—ستراتیژیەتی "ناونان و شوناسی شوێن" (کاڵێ لە زینانە) بەکاردێنێت، ئەم کردەیە ڕەخنەیەکی کولتوریی قوڵە لە گوتاری سەنتەریی نێرینە، و پرۆسەیەکە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و ناسنامەی مرۆیی بۆ ژنی پەراوێزخرای کورد.

٤- توێژینەوەکە ڕونیدەکاتەوە کە دەق، کارەساتی نەتەوەیی (ئەنفال و کیمیاباران) تەنیا وەک ململانێیەکی سەربازیی ڕوت جێگیر ناکات، بەڵکو ڕەهەندێکی جێندەریی پێ دەبەخشێت، شاعیر عەقڵییەتی نێرینەی وێرانکەر لە مێتافۆری وەک (بیابان، کوڵە، دەستەڵاتی نێرینە)دا کورت دەکاتەوە، کە هێرش دەکەنە سەر فەزای سەوز، ئاشتیخواز و بەرهەمهێنی مێینە کە لە (کچێنی، گوڵەگەنم و جۆگەی ئاو)دا بەرجەستە بوە.

٥- ئەنجامێکی دیکەی جەوهەری ئەوەیە کە چەوسانەوەی ژن لای شاعیر، ڕەفتارێکی تاکەکەسیی نییە، بەڵکو بەرهەمی هاوپەیمانیی سێ دامەزراوەی گەورەی کۆمەڵایەتییە: (ئاین لە ڕێگەی فتوای کوشتن، دەوڵەت لە ڕێگەی عەسکەرتاریەت و بێدەربەستی، و کۆمەڵگا لە ڕێگەی نەریتی سەپێنراوی وەک لادان و لاواندنەوە)، دەق بە شێوازێکی بوێرانە هێمای پیرۆزیی ئەم دامەزراوانە لە بەرانبەر خوێنی ژندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

٦- توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت کە دەق لە پاڵ نیشاندانی گەمارۆدانی ژندا، فەزایەک بۆ هاوسۆزی و هاوڕەگەزیی بونیاد دەنێت وەک وێنەی ئەڵقەی ژنان لە دەوری ژنە دوگیانەکە لە کاتی ژانگرتندا، ئەم پەرژینە ڕەمزییە، ئازاری هاوبەشی ژنان لە دۆخی "قوربانیبونی پاسیڤ"ەوە بۆ هێزێکی هەرەوەزیی دەگۆڕێت.

سەرچاوەکان:

ئاسۆس، ئ. (٢٠١٨) *(فێمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی سارا.
ئەسوەد، ن. (٢٠١٥). *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*. چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنوس.
اعزازی، ش. (٢٠٠١). *خشونت خانوادگی (زنان کتک خورده)*. چاپ اول، تهران، انتشارات سالمی.
بەرزنجی، ع و بەرزنجی، ع. (٢٠٢٤). *کلیلدان (فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
بێکەس، ش. (٢٠٠٤). *گۆڕستانی چراکان*. چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
تاتانی، م. (٢٠٢٥). *ڕەخنەی کولتوری، خوێندنەوەیەک بۆ نەسەقە کولتوریيە عەرەبییەکان*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕۆمان.

جاف، خ. (٢٠٢٥). میژوی پیاوسالاریی، *ڕۆژنامەی هەولێر*. ژمارە (٦١).
حەسەن، غ. (٢٠١٩). (*سیمیۆلۆجیای گوتار لە نۆڤلێتی ئەستێرەی ژنیاری دڵزار حەسەن) دا*. چاپی یەکەم هەولێر. کۆمەڵەی دۆستانی کتێب.
سەجادی، ب. (٢٠٢٢). *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی*. چاپی سێیەم. هەولێر، ماڵی وەفایی.
فتاح، م و عزیز، ھ. (٢٠٢٣). بنەماکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای نۆرمەن فێرکلاف، *گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*، بەرگی ٢٧.(SPB).
لەتیف, ش. (٢٠٢٢) *مۆدێرنە و کولتور، دەربارەی کۆمەڵناسیی کولتور*. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم (چاپی یەکەم).
محمود، د. (٢٠٢٣). *پیاوساریی لەنێوان ئایدیۆلۆیا و دەسەڵتدا*. چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان.
مستەفا، د. (٢٠٢٠). *ڕەخنەی کولتوری، وەک ئەڵتەرناتیڤێکی مەنهەجی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی*. چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
یقطین، س. (١٩٩٧). *تحلیل الخطاب الروائی (الزمن، السرد، التبئیر). ط ٣*، المغرب، المرکز الثقافی العربی للطباعة والنشر والتوزیع، الدار البیضاء.